# پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەرچوو ونزای کرد بۆ کوژراوەکانی جەنگی ئوحود پاش هەشت ساڵ وەکو ئەوە وابێت ماڵئاوایی بکات لە زیندووەکان ومردووەکان

لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەرچوو ونزای کرد بۆ کوژراوەکانی جەنگی ئوحود پاش هەشت ساڵ وەکو ئەوە وابێت ماڵئاوایی بکات لە زیندووەکان ومردووەکان، وپاشان چووە سەر مینبەرەکە، وفەرمووی: «من لە پێش ئێوە دەبم ودەبم بە شاهێد لەسەرتانەوە وشوێنی پەیمانپێدراو لە لای ئێوە گۆلاوەکەیە -حەوزی کەوسەر-، من ئێستا لێرەوە سەیری دەکەم، من ناترسم لەوەی شیرک وهاوبەش بڕیاربدەن (بۆ خوای گەورە)، بەڵکو لەسەرتان دەترسم لە دونیا کە کێبڕکێی لەسەر بکەن»، (گێڕەرەوەی فەرموودەکە) دەڵێت: ئەوە دواین جار بوو سەیری پێغەمبەری خودام کرد -صلی اللە علیە وسلم-. ولە گێڕانەوەیەکدا (فەرمووی): «بەڵکو لەسەرتان دەترسم لە دونیا کە کێبڕکێی لەسەر بکەن هەروەکو چۆن ئەوان (خەڵکانی پێشووتر) کێبڕکێیان لەسەری کرد؛ بۆیە ئێوە تیا بچن هەروەکو چۆن ئەوان تیا چوون»، عوقبە دەڵێت: ئەمە دواین جار بوو کە پێغەمبەری خودا بینی -صلی اللە علیە وسلم- لەسەر مینبەر. ولە گێڕانەوەیەکدا (فەرمووی): «من لە پێش ئێوە دەبم ودەبم بە شاهێد لەسەرتانەوە واللە ئێستا سەیری گۆلاوەکەم (حەوزی کەوسەر) دەکەم، ومن کلیلی خەزێنەکانی سەر زەویم پێبەخشراوە، واللە من ناترسم لەوەی شیرک وهاوبەش بڕیاربدەن (بۆ خوای گەورە) لە پاش من، بەڵکو لەسەرتان دەترسم لە دونیا کە کێبڕکێی لەسەر بکەن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەرچوو ونزای کرد بۆ شەهیدەکانی جەنگی ئوحود ئەمە پاش هەشت ساڵ لە تەواوبوونی جەنگەکە، پاشان چووە سەر مینبەرەکە وەکو ئەوە وابێت ماڵئاوایی بکات، وباسی ئەوەی کرد کە ئەو ئێستا حەوزی کەوسەر دەبینێت ولە پێش ئەوان لەسەر حەوزەکە دەبێت، وئەو شاهێدی لەسەر ئەوان دەدات، وباسی ئەوەی کرد کە ئومەتەکەی دەبنە خاوەنی کلیلی خەزێنەکانی سەر زەوی، وباسی ئەوەی کرد -صلی اللە علیە وسلم- کە ناترسێت لەوەی ئومەتەکەی تووشی شیرک بن، بەڵکو دەترسێت لەوەی کە دونیا لەسەر ئومەتەکەی فراوان دەبێت وکێبڕکێی لەسەر بکەن ویەکتر بکوژن؛ وئەمیش دەبێتە هۆی تیاچوونیان هەروەکو چۆن بووە هۆکاری تیاچوونی ئومەتانی پێشووتر. وعوقبە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەوە کۆتا جار بوو کە پێغەمبەری خودا بینی -صلی اللە علیە وسلم- لەسەر مینبەر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8410

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee